**خانەقین: منداڵپارێزی کوردستان بەمەبەستی گرنگیدان بە ژینگە ٧٠٠٠ ماسی دەخاتە ناو بەنداوی ئەڵوەند**

**ئەم پرۆژەیە هەنگاوێکی گەورەیە بۆ گرنگیدان بە پاک و خاوێنی بەنداوەکە و سامانی ماسی و پاراستنی جوانی سروشت و بەرزکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە قەزای خانەقین.**

منداڵپارێزی کوردستان – بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی

**٢٤ کانونی یەکەم ٢٠٢٤**

خانەقین- منداڵپارێزی کوردستان دەستپێشخەرییەکی گرنگی ئەنجامدا لە ڕێگەی سەنتەری چالاکی گەنجان – خانەقین، بۆ پاراستنی ژینگە بە ئازادکردنی ٧٠٠٠ ماسی بۆ ناو بەنداوی ئەڵوەند لە قەزای خانەقین.


ئامانج لەم چالاکییە زیندوو کردنەوەی سەرچاوەی ئاوی ئەڵوەند و پاراستنی جوانی سروشت و زیادکردنی سامانی ماسییە، لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە ناوچەکە و پابەندبوونی منداڵپارێزی کوردستان بە چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان گەنجانی قەزاکە و سروشتەکەی.

منداڵپارێزی کوردستان بە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی ژینگەیی ڕووباری ئەڵوەند، هیوا دەخوازێت پاڵنەرێک بێت بۆ ئەنجامدانی دەستپێشخەری لەم شێوەیە لە خانەقین و ناوچەکانی دیکە.

دیاری مستەفا، بەڕێوبەری بەرنامەی گەشەپێدانی تواناکانی گەنجان لە منداڵپارێزی کوردستان ڕایگەیاند"بەنداوی ئەڵوەندمان هەڵبژارد بە هۆی کەمی چالاکی و خزمەتگوزاری ژینگەیی لە ناوچەکەدا. ئەم پرۆژەیە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو گەڕاندنەوەی هاوسەنگی و بەشدارپێکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لە پێناو پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکانمان و زیادکردنی سامانی ماسی."

ئەم پرۆژەیە بەشێکە لە پلانی ستراتیژی منداڵپارێزی کوردستان بۆ زیادکردنی خزمەتگوزاری ژینگەیی بۆ ناو بەرنامەکان و پرۆژەکانی. منداڵپارێزی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاراستنی ژینگەی سروشتی ناوچەکە لە ڕێگەی پەرەدان بە چالاکییە هۆشیارییەکان سەبارەت بە گرنگی پاراستنی ژینگە.





پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیـڵ: press@ksc-kcf.org

ڕێکخراوەکە هیوا دەخوازیت پرۆژەکە سەرەتایەک بێت بۆ چالاکی و هەڵویستی دیکەی ژینگەیی بە تایبەت لەو ناوچانەی کە خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی ژینگە تیایدا سنورداره.

-کۆتایی-

### دەربارەی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لە پێناوقازانجدا کارناکات، ڕێکخراوێکی سیاسی و حکومی و ئاینی نیە، بەبێ ڕەچاوکردنی نەژاد، ڕەگەز، پابەندییە ئاینی و سیاسیەکان یارمەتی پێشکەش بە منداڵان دەکات .

لە ئێستادا لە چوارچێوەی ٤ بەرنامەی سەرەکیدا کاردەکات ئەوانیش، پاراستنی منداڵ، تەندروستی، پەروەردە و پەرەپێدانی تواناکانی گەنجان و هەروەها فریاگوزاری لە کاتی کارەسات.

ئامانجی سەرەکیمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی باشترە لەڕێگەی چاککردن و دابینکردنی پێداویستی جۆراوجۆری ماددی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، و پەروەردەیی.

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن بەڕێز هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و خانمی یەکەمی ئێستای عێراق خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد دامەزراوە.

### بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە:

press@ksc-kcf.org

### سۆشیال میدیا پلاتفۆرمەکان:

https://www.ksc-kcf.org/

https://www.facebook.com/kurdistansavethechildren

https://www.instagram.com/kurdistansavethechildren/

https://www.linkedin.com/in/kurdistan-save-the-children/

https://twitter.com/KSC_KCF

https://www.youtube.com/@KurdistanSavetheChildren

پەیوەندیمان پێوە بکە:
ناونیشانی ئۆفیسی سەرەکی: ٤٠٨ ڕزگاری، شەقامی حەپسەخانی نەقیب-سلێمانی، کوردستان/عێراق
ژمارە تەلەفۆن : ٩٦٤٥٣٣٣٠١٠٤٠+
وێبسایت: www.ksc-kcf.org
ئیمەیـــڵ: press@ksc-kcf.org